# میوانێکی نەناسراوی فەزایی



ڕۆژێک دەرگاکە کرایەوەو مرۆڤێکی فەزایی هاتەژورەوە. ئەو کڵاوێکی ئاسنینی لەسەردابوو، جلوبەرگی کەشتیوانەکانی لەبەردابوو.

پێموت: «هێی بۆ کوێ سەرت دەچەمێنیتەوەو دێیتە ناوەوە؟ نە لە دەرگا دەدەیت و نەمۆڵەت وەردەگری...»

مرۆڤی فەزایی وتی: «لە ئەستێرەکەی من کەس لە دەرگا نادات.»

وتم: «نە سڵاوم لێ دەکەی!»

مرۆڤی فەزایی وتی: «لە ئەستێرەکەی من کەس سڵاوناکات.»

مرۆڤی فەزایی یەکسەر بەرەو نوقڵدانەکەی سەر مێزەکە ڕۆیشت. چکلێتێکی لەناو نوقڵدانەکە هەڵگرت. بەڵام هەر کە ویستی چکلێتەکەی لەژێر کڵاوە ئاسنینەکەیەوە بخاتە دەمییەوە. مەچەکیم گرت و وتم: «پەلە مەکە، بهێڵە بتناسم!»

مرۆڤی فەزایی وتی: «لە ئەستێرەکەی من کەس خۆی ناناسێنێت!»

بەڵام من زیرەک بووم و کڵاوی مرۆڤە فەزاییەکەم لەسەری داناو وتم: «لە ئەستێرەکەی من کەس لەماڵەوە کڵاو لەسەرناکات، لەبەرئەوە کڵاوەکەی سەرت دابنێ و چکلێتەکەت بخۆ!»